نەمرشتێ و جۆنیم نەکوتا

چووم لە ڕووناکترین شوێنی جیهان

لە پەنا شیعردا وەستام و ئەو چاوانەم ماچ کرد

کە بۆ ئەستێرەی هەزارپەڕ گریابوون

* * *

هەموویان هەتاوی پڕی سەر شووشەی کتێبخانە دەناسن

تەنیا لەگەڵ دڵی خۆم دانیشتووم و زۆر بیردەکەمەوە

شیعر ژیانی ڕووناک کردم

بینیم

ڕوخساری لەبیرناکەم

مانگ لە ڕوخسارە لەبیرنەکراوەکان

پشکووتووە و پەڕۆی نەزری بەستووە

**نیسانی ٢٠١٩ هەولێر**

وەرزەکان چوار فیشەکی دەرنەچوون

لە تفەنگێکی لە شان خزاو

هەواڵی دووەم

شاعیری لەناو دەرگای جۆراوجۆر نەبیندراو

لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا خوێندوومەتەوە

لە شاعیرانی نقوومبووی تاریکیی خۆت ببوێرە

بەیانییەک وەک سەیوان کرایەوە

خەڵکی بۆ ڕووناکی خۆی و شوێنە نەناسراوەکان بانگهێشتکرد

لە ئاوی کانیمی خواردەوە و پرسی

چیرۆکی گوڵدانێک بۆ بەختیارە بەختیارەکان دەگێڕمەوە

لە هەموو پەنجەرەیەکم تێپەڕاند

لە پڕبوونی سیقەتۆرەی باڵندە دڵنیابووم

لە بۆنکردنی گوڵەکانی لە کتێبی چیا ناویان هاتووە گەڕامەوە

هەواڵی دووەم بووە سپێدە و ئایندە

بادەم دەنگی دووریی بۆ کردمە بانگ

بەرزایی مەحاڵ گوڵی سەرەتاکانی دایە سۆما و سەری

شاعیری لەناو دەرگای جۆراوجۆر نەبیندراو

**شوباتی ٢٠٢٠ هەولێر**

